www.kurdistannet.org

# پەیامی مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسەینی

## بەناوی خودای گەورە

بەڕێزانی کۆمیتەی بەرەو ریفراندۆم لە سوئێد

تێکۆشانی ئێوە شانبەشانی هەڵسووڕانی جەماوەری دڵسۆزی کورد بەژنو پیاوەوە لە کوردستان بۆ وەڕێخستنی ریفراندۆم و گشتپرسی لە باشووری کوردستان دیاردەیەکی تازەیە لە مێژووی پڕلەخەبات و قوربانیدانی گەلەکەماندا. گەلی کورد هەمیشە ئەوەی لەتوانایدا بووە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشە ڕەواکەی کردوویەتی و لەهیچ چەشنە خۆبەختکردنێک درێخی نەکردووە. بەڵام بەداخەوە لەکاتی بریاردان لەسەر چارەنووس و دوارۆژی کوردستان هیچکەس پرسی پێنەکردووە. جالەبەر ئەوە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی دەرفەتێک بۆ ریفراندۆم مافێکە گەلی کوردیش پێویستە کەڵکی لێوەربگرێت.

بەڵام بۆ ئەوەی وەها ریفراندۆمێک بتوانێت بەرێوەبچێت پێش هەمووشتەیەک دەبێ کوردستان یەک ئیدارەی هەبێت و چیدیکە ئەم بارە نائاساییەی دووئیدارەی کوردستان نەمێنێت. زۆر گرینگە دڵسۆزانی گەلی کورد و ئەوانەی بەراستی بەپەرۆشی دوارۆژێکی گەشن بۆ کوردستان، وازلە پاوانخوازی بێنن و بۆ بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان دەست هەڵگرن لە بەرژەوەندیەکانی حیزبو تاقمەکەی خۆیان. گومانیش لەوەدا نیە کە دوژمنانی ئێمە ئەم بارەیان زۆر پێخۆشەو تەنانەت هەموو توانای خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ هێشتنەوەی دووبەرەکایەتی لەناو ریزەکانی گەلدا.

رووداوەکانی پاش رووخانی رژێمی دیکتاتۆری بەعس لەعێراق رۆژلەدوای رۆژ زیاتر دەریدەخەن کە کورد چارەنووسی خۆی دەبێت بەدەستی خۆی و لەکوردستان دیاری بکرێت. بەچاوخشاندنێک بەسەر ئەو هێزانەی لەناوەراستو لە باکووری عێراقدا هەڵسووراون بۆمان دەردەکەوێت کە هەرکام لەوانە بگەنە دەسەڵات ئاکامەکەی بۆکورد لە مەینەتی زیاتر چیدیکە نابێت. کورد ئیترلەوەزیاتر نابێت چاوەروانی ئەوە بێت لەدەرەوە بێنو رزگاری بکەن.

ئەم هەلومەرجەو ئەم ئەزموونەی کوردستانی باشوور کەبەرهەمی خەباتێکی پرلە قوربانی و خۆبەختکردنەو تێکەڵبووە لەگەڵ ئەنفالو کیمیابارانو ماڵوێرانی دەبێ بیپارێزین و رێگانەدەین جارێکی دیکەش ئەم بەشەی کوردستان کە گەورەترین کارەساتەکانی بەخۆوە دیوە بکەوێتە هەلومەرجی سەختو دژوارەوە.

بائەوەش بزانین کە بەڕێوەچوونی ریفراندۆم لە بەشێکی کوردستان دبێتە دیاردەیەکی زۆر باش بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان و بەرژەوەندی هەموو گەلی کوردی تێدایە.

لەخودی گەورە داواکارم کە ئێوەش و تێکۆشەرانی کوردستانیش هەموومان پێکەوە لەم رێگایەدا کە رێگای رزگاری و سەربەرزی گەلی کوردە سەرکەوتوو بکات.

عێزەدینی حوسەینی

2003/11/15